# عێراق بەبێ ئەمریکا هەڵدەکات؟

14-01-2020

**نووسەرەکان**

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو

**کورتە** : گرژی و ئاڵۆزییەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران کە لەنێو خاکی عێراقدا ڕەنگیانداوەتەوە، نەك تەنیا داهاتووی ئابووریی عێراقی تەمومژاوی کردووە، هاوکات بووەتە کێشەیەکی گەورەی جیۆسیاسی و کاریگەریی گەورەی لەسەر بازاڕەکانی جیهانیش داناوە.

عومەر ئەحمەد*|

گرژی و ئاڵۆزییەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران کە لەنێو خاکی عێراقدا رەنگیانداوەتەوە، نەك تەنیا داهاتووی ئابووریی عێراقی تەمومژاوی کردووە، هاوکات بووەتە کێشەیەکی گەورەی جیۆسیاسی و کاریگەریی گەورەی لەسەر بازاڕەکانی جیهانیش داناوە. کوژرانی قاسم سولەیمانی، فەرماندەی سوپای قودس لەلایەن ئەمریکا و هەروەها وەڵامی ئێران بە بۆردومانکردنی بنکە سەربازییەکانی ئەمریکا لە عێراق، بازاڕەکانی جیهانی هەژاند. نرخی هەر ئۆنسە زێڕ بۆ یەکەمجار لە حەوت ساڵی رابردوودا، گەیشتە سەرووی 1600 دۆلار و نرخی نەوتیش هەتا سەرووی 70 دۆلار رۆیشت. لەگەڵ ئەوەشدا گوتارەکەی ترەمپ نیگەرانییەکانی رەواندەوە و وەك ئاماژەیەك بینرا کە لەم ناوچەیەدا ئەستەمە شەڕێکی قورس لە نێوان ئەمریکا و ئێران رووبدات. بەڵام لەناوخۆی عێراق هێشتا کێشە کەڵەکەبووەکان چارەسەر نەکراون و دیار نییە داهاتووی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق چی دەبێت و پەیوەندییەکانی ئەمریکا و عێراق بە چ ئاراستەیەکدا دەڕۆن. ئەمەش گەورەترین ناڕوونی و نادڵنیایی لەسەر ئابووریی عێراق درووستکردووە.
هەفتەی رابردوو پەرلەمانی عێراق بڕیاری دەرکردنی هێزە بیانییەکانی لە وڵات پەسەند کرد، دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا لە تویتێکدا هەڕەشەی سەپاندنی سزای قورسی لە عێراق کرد، بە چەشنێك کە پێشتر سزای وای لە مێژووی خۆیدا نەبینیبێ. بەرپرسانی ئەمریکی پێیانوایە پارەیەکی زۆریان لە عێراق خەرجکردووە و ئێستاش ئەگەر پەرلەمانی عێراق هێزەکانی ناچار بە دەرچوون بکات، هەموو ئەو پارانە بەفیڕۆ دەچن.
لە ناوخۆی ئەمریکاشدا، بەتایبەتی دیمۆکراتەکان رەخنەی زۆریان لە بڕیاری ترەمپ گرت کە فەرمانی کوشتنی قاسم سولەیمانی دەرکردبوو. ئەو رەخنەگرانە دەڵێن هێرشکردنە سەر سولەیمانی و سەرکردەکانی دیکەی حەشدی شەعبی، بەتەواوەتی دەستی ئەمریکا لە عێراق دەبڕێت و عێراق دەخاتە ئامێزی ئێرانەوە. بەڵام ئایا عێراق بەبێ ئەمریکا هەڵدەکات؟
ئەگەر رووداوەکان بەرەو ئاراستەیەك بڕۆن کە هێزەکانی ئەمریکا بە پێچەوانەوەی ویستی خۆیان، ناچار بە چۆڵکردنی عێراق بن، چی روودەدات؟
لە وەڵامێکی سەرەتاییدا ئەگەر ئەمریکا دان بەخۆیشیدا بگرێت و سزای عێراق نەدات و تەنیا پشتگیرییە داراییەکانی بۆ عێراق رابگرێت، بەغدا رووبەڕووی بەربەستی گەورەی دارایی دەبێتەوە.
لە دوای شەڕی 2003، ئەمریکا و هێزەکانی هاوپەیمانان یاریدەرێکی سەرەکی ئاساییبوونەوەی رەوشی دارایی و ئابووریی عێراق بوون. لە 2003 لەڕێی دامەزراندنی سندووقی گەشەپێدانی عێراق (DFI) لە لقی نیویۆرکی بانکی ناوەندیی ئەمریکا، پارە بلۆککراوەکانی رژێمی پێشوویان گەڕاندەوە و پارێزگارییان لە پارەی فرۆشی نەوتی عێراق کرد. بەهۆی ئەوەی لە کاتی رژێمی پێشوو سکاڵای زۆر لەسەر عێراق تۆمار کرابوون، هەروەها لەبەر ئەوەی عێراق 120 ملیار دۆلار قەرزی لەسەربوو، مەترسی هەبوو دەست بەسەر پارەی نەوتەکەیدا بگیرێت ئەگەر وەزارەتی گەنجینەی ئەمریکا پارێزگاری لەو پارانە نەکردایە. ئەمریکا هەروەها رۆڵێکی سەرەکی هەبوو لە بەخشینی عێراق لە قەرزەکانی و کەمکردنەوەی لە 120 ملیار دۆلارەوە بۆ 40 ملیار لەو کاتەدا.
جگە لە پارەی فرۆشی نەوت، هەموو کارە بازرگانییەکانی عێراق لەڕێگەی بانکی بازرگانیی عێراق (TBI) یەوە ئەنجام دەدرێت و جگە لەو بانکە، بانکە حکومییەکانی دیکەی عێراق ناتوانن ئاسانکاری دارایی بۆ بازرگانان وەك کردنەوەی LC بکەن. ئەوەی کە گرنگە، ئەو لینکەیە کە (TBI) لەگەڵ بانکی (جەی پی مۆرگەنی) ئەمریکا هەیەتی و ئەگەر ئەمریکا بڕیار بدات پەیوەندییە داراییەکانی لەگەڵ عێراق بپچڕێنێ (TBI) ناتوانێ خزمەتگوزارییەکانی پەیوەست بە کاروباری بازرگانیی نێودەوڵەتی پێشکەش بکات.

خاڵێکی دیکەی گرنگ پەیوەستە بە بۆندەکان (سەنەداتی دارایی)ی حکومەتی عێراق کە لە چەند ساڵی رابردوودا بۆ بەدەستهێنانی قەرز لە بازاڕە داراییەکاندا فرۆشتوونی. ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە کە وەزارەتی گەنجینەی ئەمریکا گەرەنتی سەنەدە داراییەکانی عێراقی کردووە و بەو هۆیەشەوە سوودی سەر قەرزەکانی کە لەڕێگەی فرۆشتنی ئەو سەنەدانە وەرگیراون، زۆر کەمە. واتا بەهۆی گەرەنتیی وەزارەتی گەنجینەی ئەمریکاوە عێراق توانیویەتی قەرزی نێودەوڵەتی بە سوودێکی کەمەوە وەربگرێت. بۆ نموونە ئێستا سوودی قەرزەکانی عێراق نزیکەی 1.5% ـە، بەڵام بەبێ گەرەنتی، عێراق ناچار دەبوو لەسەرووی 10% سوودی بانکی بدات بۆ ئەوەی بتوانێ قەرز وەربگرێت.
جگە لە سەنەداتی دارایی حکومەتی عێراق، قەرزەکانی سندووقی نێودەوڵەتیی دراو (IMF)، هەروەها قەرزەکانی بانکی جیهانی کە دەیان ملیار دۆلار دەبن و بە سوودێکی کەم پێشکێش بە حکومەتی عێراق کراون، بەبێ هاوکاری و پاڵپشتی وەزارەتی دارایی ئەمریکا و راوێژکارە داراییەکانی کۆشکی سپی بەردەوام نابێت.
لەم نێوەندەدا هەرچەندە سیاسەتی فەرمیی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە رووداوەکانی ئەم دواییە و گرژییەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران زۆر جیاواز بوو لە سیاسەتی حکومەتی فیدراڵی و هاوسەنگی لە نێوان ئەو دوو وڵاتە پاراست، بەڵام هەرێمی کوردستان ناتوانێ خۆی بەدووربگرێت لە کاریگەرییە نەرێنییەکانی ئەو رووداوانە. هەرێمی کوردستان هێشتا رووی لە بەغدایە و بۆ دابینکردنی بەشێك لە مووچەی فەرمانبەران پشتی بە بەغدا بەستووە و ئەگەر فرۆشتنی نەوتی عێراق پەکی بکەوێت، مەترسی هەیە ئەو پشکەی کە مانگانە لە بەغداوە دێت کێشەی بۆ درووستبێت. هەروەها تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و ئەمریکا، وەبەرهێنەرە بیانییەکان بەتایبەت کۆمپانیا نەوتییەکانی نیگەران کردووە و لەمەشدا هەرێمی کوردستان جیاواز نییە. پێشبینی دەکرێت ساڵی 2020 یەکێك لە ساڵە هەرە باشەکان بێت بۆ کەرتی نەوتی هەرێمی کوردستان، بەهۆی ئەو وەبەرهێنانە بەرچاوەی کۆمپانیا نەوتییەکان بڕیارە لەمساڵدا لە کێڵگە نەوتییەکانیاندا بیکەن. ئەو وەبەرهێنانە جگە لەوەی بەرزبوونەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی هەرێمی کوردستانی لێدەکەوێتەوە، هاوکات بازاڕەکانی هەرێمی کوردستانیش گەرم دەکات. بەڵام خراپبوونی رەوشی عێراق بەهۆی تێکچوونی پەیوندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا، دەتوانێ پەرەپێدانی کەرتی نەوتی هەرێمی کوردستانیش دوابخات.